# لە ئەرشیفی هوونەری شانۆوە



عبدوڵا گـوڵ محمـد

لە ناوە ڕاستی هە شتاکان دا ، لە گوندی ( سۆڵە ی دە ربە ند ) لە ناوچە ی قە رە داخ ، سە روە ختێک سە ربازی هە ڵاتوو لە شە ڕی بە ناو ( قادسیە ) ی دۆڕاو بە لێشاو ڕوویان لە جێگا دوورە دە ستە کان دە کرد تا لە شاڵاوی گرتن و زیندانی و کوشتن بە دوور بن . ئێمە ش کۆمە ڵێک بووین لە و زۆرینە یە و لە و گوندە دا ئارامامان گرتبوو . ژیانی ئێمە بە جۆرێک دە گوزە را زۆر سە خت بوو لە سادە ترین پێداویستیی ژیان بێبە ش بووین ، سە رباری ترس و دڵە ڕاوکێ کە ئە گە ری هاتن و بە سە ردادانی سوپای دڕندە ی ( بە عس ) مۆتە کە یە کی بە ردە وامی ژیانمان بوو .

لە وساتە وە ختانە دا ، بە مە بە ستی گۆڕینی شێوە ژیانێکی وە ها ، بیرمان لە پێشکە ش کردنی شانۆیی یە ک کردە وە کە لە لایە ک ، ئێمە ی ئە گە ر بۆ چە ند ساتێکی کە میش بووە لە و ژیانە بێ جووڵە یە دە ردە کێشاو بە بارێکی دی دا ، دە بین بە مایە ی خۆشی یە ک ، ئە گە ر کە میش بێ ، بۆ دانیشتوانی ئە وگوندە ی کە باوە شی پڕ خۆشە ویستی یان بۆ کردووینە تە وە بە تایبە تی و خە ڵکی ناوچە کە بە گشتیی .

دە قی شانۆیی ( بۆیاخچیێ ) ئە مینی میرزا کە ریم مان هە ڵبژارد بۆ دە ستپێکی کارە کانمان ، کە لە و سە ردە مە دا ، زمانی نووسین و ناوە رۆ کە کە شی لە گە ڵ پێویستیی ئە و سە ردە مە دا دە گونجا و دە هاتە وە .



حە سە ن ئیسماعیل ئە مین و سامان ئە حمە د و عبدوڵا گوڵ

وە ختێک بڕیارمان دا دە ست بە کارە کانمان بکە ین ، چە ند ڕۆژێک لە مانگی ( ڕە مە زان ) تێپە ڕی بوو . دە ورە کانمان بە سە ر کاراکتە ری گونجاو دا دابە ش کرد . جێگای ئاماژە پێ کردنە کە زۆربە ی ئە کتە رە کان لە خە ڵکی گوندە کە پێکهاتبوون ، من و چە ند هاوڕێ یە ک نە بێ ، ئە مە بۆ خۆی مژدە یە کی دڵخۆشکە ر بوو بۆ سە رجە م دانیشتوان . کە سانێک بۆ یە کە م جاریان بێ و ڕۆڵ لە شانۆیە کدا ببینن . ژمارە ی ئە کتە ری بە شداربوو خۆی لە ( 15 ) ئە کتە ر دە دا .وا لە خوارە وە ناوی ئە وانە بە یان دە کە م کە من لە یادم ماوە ( بە هۆی تێپە ڕبوو نی کاتێکی درێژ بە سە ری دا ) داوای لێبوردنیش لە و بە ڕێزانە ی تر ئە کە م کە ناوە کانیانم لە یاد نە ماوە . :

عبدولا گوڵ محمد (بایز)، سامان ئه حمه د ( بۆیاخچی ) ، حه سه ن ئیسماعیل ئه مین ( به ڕێوه به ری گشتی ) ، یوسف گوڵ محمد ، عبدالرزاق اسماعیل ئه مین ( هاوڕێ ی بایز ) ، حه مید حه مه ئه مین ، عه تا حه سه ن ، موحسین له تیف ، دارا سه عید حه مه ڕه زا ( خه ڵکی لادێ ) ، شه هید ی جوانه مه رگ ( عبدولباست موحسین ) شێخ عه بدول ، جوانه مه رگ ( شێخ عومه ری دارتاش ) خه ڵکی لادێ ) ، هیوا شه ریف تۆفیق ( پاقله فرۆش ) ، ئه نوه ر که ریم تۆفیق ( سکرتێر )



هیـوا شه ریف و عبدولا گوڵ

ئه وه ی مایه ی ئاماژه پێ کردنه ، بڕیارمان دابوو شانۆیی یه که مان له چوار ڕۆژی جه ژنی ( ڕه مه زان ) دا پێشکه ش بکه ین و پرۆڤه مان ڕۆژه کانی مانگی ڕه مه زان بوو ، هه رخۆشمان و به یارمه تی به شێک له خه ڵکی ( سۆڵه ) ده ستمان به خشت بڕین کرد بۆ دروستکردنی شانۆیی یه که مان و له گه ڵیشیان دا پێداویستی یه کانی ناو شانۆکه مان له لا یه ن خه ڵکه که وه بۆ دابین کران . ئه مانویست کارێکی نموونه یی وه ها ئه نجام بده ین که هیچی که متر نه بێ له و شانۆیی یانه ی که له شاره کان دا پێشکه ش ده کران ، شانۆیه کی به ڕزی دڵگیر له ناو کۆمه ڵێک پیره داردا، ژێر داره کانی به ڕانبه ریشی سێبه رێکی خه ستیان بۆ دانیشتوان دروست کردبوو ، هه رچی کورسی قوتابخانه که هه بوو که قوتابیان له سه ری داده نیشتن هێنابوومان و له به شی دواوه ڕیزمان کردبوون بۆ دانیشتن له سه ریان ، هه رچی به شی پێشه وه ش بوو به ڕاخه ری ماڵه کان فه رش ڕێژ کرابوو . سوودمان له بڵندگۆیه کی ده ستی وه رگرت به شێکیمان له ناو شانۆکه دا داناو به شه که ی تریشمان به سه رسه ری خه ڵکه که وه له چڵی دارێک سه ره وخوار به ست که بینه ری شانۆکه مان ته نانه ت ئه وانه ی له دواشه وه دانیشبوون به ئاسانی ده یانتوانی گوێ بیستی ده نگی ئه کته ره کان بێ به ئاسانی . چه ند که سێکیش دانرابوون بۆ چاودێریی میوانه کان به مه به ستی باشتر به ڕێوه چوون و خزمه تی هه رچی زیاتر به و میوانه به ڕێزانه ی بۆ بینینی شانۆیی یه که مان هاتبوون .

ئه م کاره شانۆیه شانازی یه کی مه زنی بۆ ئێمه تۆمار کرد به وه ی که به ناو ( مه لایه ک ) به جۆرێک بووبوو به بار به سه رژیانی گونده که وه ، سێ ژه مه خواردنی به ناوی ( مه لا ) بوونی یه وه ، له ئه ستۆی خه ڵکه که دانابوو ، بێزاربوونێکی ئاشکراشت به ڕوخساری ئه وانه وه ده بینی به ڵام ناچار بوون . به درێژایی ڕۆژه کانی ڕه مه زان و له مزگه وتی گونده که دا ته بلیغاتی ناجۆرو نا شایسته ی ده ست پێ کردبوو دژ به ئێمه ، ئێواران و له کاتی به ناو خوتبه دا بۆ ڕۆژووانی گونده که باس هه ر باسی خراپی ئێمه بوو ، به و هۆیه وه ده یویست ڕووی ئێمه له به رچاوی دانیشتوانی گونده که ڕه ش بکات ، به و مانایه ی کاره که ی ئێمه به بڕوای ئه و دژ به ئیسلام و نه ریتی موسوڵمانانه . ته نانه ت کار گه یشتبووه ئه وه ی به دانیشتوانه که بڵێت : بڕۆن و ته ماشا بکه ن بزانن له ناو ئه و په رده ی شانۆیی یه دا چی ده کرێ ؟ هه رچه نده ، که م تا زۆر ئێمه ڕووبه ڕووی چه ند قسه یه کی ناخۆش ده بووینه وه ، به ڵام هه ر زوو مه رامی گڵاوی به ناو ( مه لا ) بۆ دانیشتوانه که ئاشکرابوو ،

به وه ی کاتێ ڕۆژی یه که می شانۆیی یه که مان پێشکه ش به خه ڵکه که کرد ، به کرده وه بۆیان ده رکه وت که هه رچی ئه و به ناو ( پێشنوێژه ) داویه تی یه پاڵمان هه مووی درۆیه و دووره له ڕاستی یه وه . به پێچه وانه ی مه به ستی گلاوی ، به جۆرێک ده ستخۆشی مان لێکرا که مایه ی بیرچوونه وه نی یه . سه رجه میش بڕیاریان دا ئه و ( ڤایرۆسه ) له گونده که یان ده رکه ن ، هه رواشیان کرد به جۆرێک ده رکرا که هه تاماوه ڕووی ئه وه ی نه بێت به وناوچه یه دا بێته وه . ئه م کاره ی ئه وان هێنده ی تر دڵی ئێمه ی خۆش کرد و هه رچی ماندوێتیشمان هه بوو تا ئه وکاته له له شمان ده رچوو ، که مه به ستی ئێمه شیان بۆ ئاشکرابوو که له خزمه ت به وان هیچی دیکه مان مه به ست نی یه ، بۆیه داوای به رهه می دیکه یان لێده کردین .




عبدولره زاق ئیسماعیل و عبدولا گوڵ

بۆ ئاگادار کردنه وه ی دانیشتوانی سه رجه م ئه وگوندانه ی که وتبوونه سنووری ناوچه که مانه وه ، توانیمان به هۆی ئه و ماتۆڕه ی که برای به ڕێزم ( یوسف گوڵ محمد ) له و سه روه خته دا هه یبوو ، داوه تی به شی زۆری دانیشتوانی ئه و گوندانه مان کرد ، هه موشیان به خۆشحاڵی یه وه هاتنی خۆیانیان پێ ڕاگه یاندین . جه ژنی ڕه مه زانی ئه وساڵه به دانپیانانی هه موویان ، نه ک هه ر جه ژنبوو بۆیان ، به ڵکه که ڕنه ڤاڵێکی سیخناخ له قاقا بوو که بۆ ئه وانمان کردبوه دیاری .

پێشکه ش کردنی شانۆیی یه که مان چوارڕۆژی خایاند ، هه ر چوار ڕۆژه که ، هێنده خه ڵک هاتبوون بۆ بینینی شانۆیی یه که مان ، به ووته ی خه ڵکه که ناوچه که یان تا ئه و کاته ڕۆژی وا خۆشی به خۆیه وه نه دیبوو . هه موو ڕۆژێکیش به کۆتایی هاتنی شانۆیی یه که مان ده ستخۆشی به لێشاو ده باری به سه رمان دا و ئه م کاره یان به جۆرێک وه سف ده کرد که ده یانگوت : ( ئه م کاره تان وه ک ئه وه وایه یه ک مانگ ئێمه تان داوه ت کردبێ و سێ ژه مه قه لتان ده خوارد دابێتین ) لا ی ئه وان ئاوها تام و چێژێکی بێ وێنه ی هه بوو . دیاره وه سفه که شم وه ک خۆی و له زمانی میوانه کانه وه گێڕایه وه .

چه ند هه فته یه ک دوای کۆتایی هاتنی کاره که مان ، چه ند وێنه یه کی به ڕێکه وتنی ته واوی دانیشتوانی گوندێکیان به ناوی ( دێلێژه ) نیشان داین که چۆن هه موو به کچ و کوڕو پیرو لاوه وه مه به ستی بینینی شانۆیی یه که مان به ره و گونده که مان به ڕێ که وتوون ، ئه و یادگاریانه نیشانه ی سه رکه وتنی کاره که مان بوو ، که هونه ر پێویسته ئاوێنه ی بالآنمای واقیعی ژیانی خه ڵک بێ و ئامانجه پیرۆزه که ی هونه ر له ده ست نه دات که له خه ڵکه وه یه بۆ خه ڵک و ، په رده لادانه له سه ر ئه و دیارده دزێوانه ی ڕووی جوانی ژیانیان ناشیرین کردووه و هه وڵێکیشه بۆ بردنی تاک به ئاڕاسته ی چاکه و به خشنده یی .

وه لێ ئه وه ی جێگای نیگه رانی ئێمه و به شێکی دانیشتوانی گونده که بوو ، هه ر پاش به کۆتا هاتنی شانۆیی یه که مان ، له لایه ن به رپرسانی ئه وکاته ی ناوچه که وه هێرشێکی ناڕه وا کرایه سه رمان و به تۆمه تی ( په یوه ندیمان به رێکخراوێکی موخالیفی ئه وانه وه ) که زۆر دوور بوو له ڕاستی یه وه ، چه ند هاوڕێ یه کیان زیندانی کردین و پاش ئه شکه نجه دانێکی زۆر ، به ره ڵایان کردن، هه ڕه شه ی دووباره نه بوونه وه ی جۆره کارێکی وه هایان لێ ئه کردین ، به و بیانووه ی سه ره تا ( موافه قه ت ) ی ئه وانمان وه رنه گرتووه بۆ کاره که مان و ( خۆم ) له لایه ن به رپرسی ناوچه که وه به مجۆره و به په نجه ڕاوه شاندنه وه پێم وو ترا : که ئێمه گه ره کمانه ئه و خه ڵکه هه ر وا به نه زانی بمێنێته وه ، ئێوه ئاڕاسته که مان لێ تێک ده ده ن .


سامان ئه حمه د و عبدوڵا گوڵ

له و ڕۆژگارانه ش دا ناتۆره ی ( سپڵی لاوورگه ) درابووه پاڵ هه موو سه ربازه هه ڵاتووه کانی ئه و کاته و که به بڕوای ئه وان ( واته سه رکردایه تی یه کێتی ) باشتر بوو له جه بهه کان دا بماینایه ته وه نه ک سه ربازی هه ڵاتوو بین . ئه م کاره ی ئێمه ش وه ڵامێکی ( نا ) بوو به ڕووی ئه و تۆمه ته هه ڵبه ستراوه دا .

به هه موو ئه و ڕێگرانه ی هاتنه سه ر ڕێگامان ، ئێمه کارێکمان له هه ژارترین گوندی ناوچه یه ک دا به سه رکه وتن گه یاند ، هه زار دروود بۆ یه که یه که ی دانیشتوانی ئه و گونده و له پاش تێپه ڕبوونی زیاتر له ( 19 ) ساڵ ، سڵاوی خۆشه ویستی و ئه مه ک بۆ گه وره تا بچوکیان ده نێرم له هه ر کوێ یه کی ئه م دنیایه دا بن .

2006 / 03 / 26
Celle , almanya

*****************************************************